# کورد لە کاتی هەڵبژاردنیشدا سووکایەتی پێ دەکرێت







گەلی کورد کە لە ئەنجامی دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی خاکەکەیدا دووچاری هەزاران مەینەتی و کارەسات هاتووە، تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنی بەناو ئازاد و بێگەرد و دیموکراتیشدا، جا با پڕۆسەکە لەناو جەرگەی ئەوروپا و سەدان و هەزاران کیلۆمەتریش لە کوردستانەوە دوور بێت، لێ دیسانیش ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە و دەنگدەرانی دووچاری تەشقەڵە و فشار بۆ هێنان و سووکایەتی پێکردن دەبنەوە. کارێکی ئاوەها وەنەبێ تەنیا لە شوێنێکی تایبەت و دیاریکراودا ڕووی دابێت، بگرە لە دەیان شار و وڵاتدا هەستی پێ کراوە. دیارە مەبەستی منیش لە نووسینی ئەم بابەتە باسکردنە لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٧. هەندێ شت و دیاردە و ڕووداو و پێشهات کە لێرەدا دەخرێنە بەر چاو، لە عێراق و باشووری کوردستان و ئەوروپاشدا قەوماون. ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییە سەرانسەرییەی عێراقی داگیرکەری باشووری کوردستان زۆر قسە و باس هەڵدەگرێ. مرۆڤ دەشێ لە گەلێ لایەنەوە، لە گۆشەنیگای جیا جیاوە لێی وردبێتەوە و شی بکاتەوە. من لەم چەند دێڕەدا باس لەوە ناکەم کە دەبێ کورد بەشداری کردبا یان نا؟ دەنگی بە کام پارت و ڕێکخراو و قەوارەی سیاسی دابا یانیش نا؟ ئایا ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە تا چ ڕاددەیەک دەمانگەیەنێتە ئاقاری ئازادی و سەربەخۆبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی و گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینە و ڕاستەقینەکانمان؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری تریش هەن کە لێرەدا نایانوروژێنم. ئەوەی کە دەمەوێ لە میانەی ئەم چەند وشانەدا باسی بکەم ئەو سووکایەتیکردنەیە کە کورد تووشی دەهات، بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە ڕووی لە سندووقەکانی دەنگدان و بنکەکانی هەڵبژاردن دەکرد. دیاردەیەکی لەم جۆرە ڕەنگە لە وڵاتانی ئەوروپا زۆر بە زەقی بینرابێت لەچاو بڕێ شوێنی تردا.

ئێمە هەموومان بە چاوی خۆمان بینیمان چۆن سووکایەتی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان کرا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەر هەمان ئاڵا لە ئاسمانی باشووری کوردستان دەشەکێتەوە و بە فەرمیش لەوێ هەڵکراوە. دەسەڵاتدارانی عەرەبی تازەی بەغدا، بە شیعە و سوننە و هەموو بیر و بۆچوونێکیانەوە، تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ لە چەندین بواردا سەددام حوسێنی گۆڕبەگۆڕ مامۆستایانە، بەتایبەتیش کاتێ مەسەلە دێتە سەر کورد و دۆزە ڕەوا و مافدارەکەی. هەر لەسەر بێڕێزیکردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، تەنیا وەک نموونە، لە یەکێ لە بنکەکانی دەنگدان لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد(بنکەی Husby)، ژنە عەرەبێکی ڕا لە خۆ و لووتبەرز ئاڵایەکی عێراقی بەعسییانەی لە خۆی پێچابوو بۆ ئەوەی بیباتە ژوورەوە لە کاتی دەنگداندا. هەرکە پێیان گوت قەدەغەیە و نابێ ئەم ئاڵایە ببەیتە ناوەوە، یەکسەر گوتی من نارەزایی دەردەبڕم و خۆ ئێمە کورد نین و ئاڵای خۆمانە و عێراقین و چی و چی تر. دیارە ئەو لە ساتێکدا ئەم ژەهرەی دەردەدا کە چاوی بەرایی نەدەدا ئەم هەموو ئاڵا ڕەنگینانەی دەستی کچ و کوڕانی کوردی سوێد ببینێت کە لەو شوێنەدا ئامادە بوون. ئەم ژنە عەرەبە بەسەرێکەوە هەقی خۆیەتی وا بڵێت، چونکە کورد هەرگیزاوهەرگیز عێراقی نەبوونە و نابن. ئەو هەرچەندە لە دیدێکی ڕەگەزپەرستییەوە لەم شتە دەڕوانێت و قسەی لەسەر دەکات، بەڵام دیسانیش ڕاست دەبێژێت لەوەی کە کورد ئاڵا و وڵات و بەها پیرۆزەکانی خۆیان هەیە و خۆشیان بە عێراقی لە قەڵەم نادەن. خۆ هەرنا کوردانی تاراوگە زۆریان بە کردەوە لە پاسەپۆرتەکانیان وشەی عێراقیان بە پۆلیسی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا دەژین سڕیوەتەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین لە کاتی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی ئەم هەڵبژاردنەدا، نەک هەر لە لەندەن و ستۆکهۆڵم، بێگومان لە شوێنگەلی دیکەشدا سووکایەتی بە ئاڵا و هێمای پیرۆزی کوردان کراوە. هەر دیسان لە ستۆکهۆڵم عەرەبێکی بەناو چاودێر بە ژنە کوردێکی کەرکووکی گوتبوو ئەم هەموو ئاڵایە چییە بۆشیوتە؟ خوا هەڵناگرێ ئەم ژنە کەرکووکییە دڵگەرم و کوردستانییەش، بێجگە لە جلوبەرگی جوانی کوردی و زێڕ و خشڵی کوردەوارییانە، گوارەی گوێچکەکانیشی نەخشە و ئاڵای ڕەنگینی کوردستان بوون. ئەو دەنێو کۆمەڵەپیاوێکدا زەق زەق باڵا دیار و ڕوخسار گەش و ئەستێرەئاسا درەوشاوە بوو. سەرانی کورد و دەسەڵاتدارانی باشوور کە ساڵانێکە دەهۆڵی فیدرالیزم لێدەدەن، لێ ئەوەی کە دەبینرا تابلۆیەکی گەورەی تایبەت بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بوو کە لەم بنکانەدا هەڵواسرابوون و، هەڵبەت لەسەری سەرەوەش بە خەتێکی درشت و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسرابوو (کۆماری عێراق)، جگە لە هەڵکردنی ئاڵایەکی ئەو کۆمارە نەفرەتییەش. برادەرێکی سلێمانی لەبەرخۆیەوە گوتی گەر کار وا بڕوا وردە وردە هەموو شتێکمان لێ دەستێننەوە، وەک ئەوەی تا هەنووکە گەلێ شتیان پێ بەخشیبین؟!

هەروەها شتێ کە زۆر لە دەنگدەرانی کورد تێبینییان دەکرد ئەو هەموو چاودێر و سەرپەرشتکارە عەرەبانە بوون کە کارەکانیان بەڕێوە دەبرد. زۆرینەشیان شیعەمەزهەب دەهاتنە پێش چاو و تاک و تەرا نەبێ کورد نەدەبینران. ناشوکری نەبێ ئەو چەند کوردەی لەوێندەرێش بەدی دەکران، خوا ئاگادارە لە هەندێ باردا مینا خزمەتکار خویا دەبوون. دڵنیام لەوەی کە دەنگدەرانی کورد هەر هەمان بۆچوونی منیان لا دروست بووە. لە هەندێ جێی دیکەدا، هەر تەنیا بۆ نموونە لە بنکەیەکی دەنگدانی شارێکی ئوستراڵیا، نەک هەر لەسەر ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەڵکو لەبەر ناوی کوردیش، دەنگدەرانی کورد و بڕێک لە ئاشوورییەکانیش لە لایەن عەرەبە توندڕۆکانی سەر بە حیزبی دەعوەی ئیسلامیی نووری ئەلمالیکییەوە گاڵتە و سووکایەتییان پێ کراوە. ئەو عەرەبانە کە وەک پێشتریش گوتم زیاتر شیعەمەزهەب و لایەنگرانی حیزبە ئیسلامییەکانی ناو دەسەڵات بوون. ئەوان هەر دەڵێی بۆ ئەوە دانرابوون تا ڕێ لە کوردان بگرن بۆ ئەوەی دەنگ نەدەن. لە هۆڵەندا بە هەزاران کورد لە پڕۆسەی دەنگدان بێبەش کران. لە شاری یۆتەبۆریی وڵاتی سوێد کوردێکی زۆر کە لە نەرویژەوە هاتبوون نەیانتوانی دەنگ بدەن. ڕەوشی دەنگدان لە بەریتانیا هەر سووکایەتیکردنێکی تەواو بوو بە کورد. هەڵبەت لە چەندین وڵاتدا هەر خەڵک بۆیان نەکرا بە چ شێوەیەک دەنگیش بدەن. لەمانە هەمووی گەڕێ و بیر لەو فرۆفێڵە گەورانە بکەوە کە هەر جارێک بەهۆی نەگەڕانەوەی دەیان هەزار دەنگی کورد لە باشووری کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکانی، کە بێگومان عەرەبە شۆڤێنی و داخ لە دڵەکان بەرامبەر بە گەلی کورد بە کارێکی وەها ڕادەبن، لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە زیانێکی مەزن لە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە دەدرێت و بە نوێژی نیوەڕۆش لەبەر چاوی هەموو دنیا سووکایەتییان پێ دەکرێت و غەدرێکی گەورەشیان لێ دەکرێت. وەک هەر جارێک وا ئەم جارەش دەسەڵاتدارانی کورد خەریکن لە بەغدا بە ڕێگای سکاڵا نووسینەوە تۆڵەمان بۆ بکەنەوە. لە هەموویشی سەیرتر کۆمیسیۆنێکی باڵای هەڵبژاردن کە سەرۆکەکەی کورد بێت، لێ هەر بەناوی کۆمیسیۆنی ناوهاتووەوەش بە جاران خەڵکی کورد ڕێیان لێ بگیرێت و لە دەنگدان بێبەش بکرێن. دیارە من لێرەدا گەلێ بەکورتی باسی لایەنێکی تایبەتی ئەم هەڵبژاردنەم کرد. بێگومان ئەم پڕۆسەیە بابەتی زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە لێرە باسی لێوە کرا. هیوادارم توانیبێتم شتێکی بچووکی ئەو سووکایەتی پێکردنانەم خستبێتە ڕوو کە کورد دووچاریان هات.



**مەهاباد کوردی**

ستۆکهۆڵم ٢٠١٠/٣/٩

# ئیسلامی سیاسی لە عێراق دا

ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات تەنها ململانێیەکی تایفەگەری نییە، بەڵکو ئەم ململانێیە ململانێی سیاسین لەسەر پارەو دەسەڵات ئەگەرچی شێوەیەکی تایفەگەریش وەربگرێت، پارەو دەسەڵات ئامانجی سەرەکی سەرکردەی حزبە سیاسیەکانە، نەک جەماوەر و ڕەشۆکی خەڵک.

سەرکردە و دەستەبژێرەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ململانێ دەکەن لەسەر بەسەستهێنانی ڕای خەڵک و جەماوەر، ئەمەش لە ڕێگای ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش دەکەن کە لەبەرچاوی خەڵکن، کە دەبنە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و هۆشیاری خەڵک و هەرگیز سەرکردە و دەستەبژێرەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کارناکەن بۆ بەرهەمهێنان و ئامادەکرنی مرۆڤی ئاژاوەچی و نەزان یا تۆوی ڕەگەزپەرستی بچێنن یان تورەیی جەماوەر بەرەو دوژمنێکی خەیاڵی ئاراستی بکەن.

جیاوازی دید و بیر و ڕا تا رادەیەک لە ناو هەموو کۆمەڵگایەکدا هەن، خەلک و پێکهاتەکانی عێراقیش بەهەمان شێوە جیاوازیان تێدایە و لایەنی ئیسلامی هەیە هەوڵدەدات چاکسازی بکات و دەزانێ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چ کەرنامەیەک پەیڕەوبکات، هەشیانە گوشار دەخەنە سەر هێزە شاردراوەکانی جەماوەر بە ڕێگەی چاندنی تۆوی ڕەگەزپەرستی لە نێوان تایفە و پێکهاتەکان و وا لە تایفەیەک دەگەیەنن کە ئەوان توخمێکی باشتر و بەرزترن لە خەڵکی دیکە و هەر ئەوان لە دوارۆژدا پاداشتدەکرێن.

حزبی ئیسلامی سیاسی دئکە هەیە، بایەخ بە چاکسازی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە نادات، بەڵکۆ تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی دەدات و هەوڵدەدات سامان وپارە بەدەستبێنێ، ئەم جۆرەیان گوێی لێ نییە نیوەی گەل بکوژرێت، ئەگەر لە حالەتێکدا گەل ببێتە کۆسپ لەبەردەم ئامانجەکەی، بەداخەوە زۆربەی حزب و سەرکردەکانمان لەم جۆرەن.

خەڵکی ئاسایی لە عێراق داوای پلەو پایەی سیاسی وئابووری ناکات، بەڵکۆ ئەم خەڵکە تەنها سووتەمەنیە بۆحزبە سیاسی و سەرکردەکان، داخراوی وکەمی رۆشنبیری و بێ ئومیدی وای لە خەڵکی شەقام کردوە ببنە ئامرازی دەستی حزب و سیاسەتمەدارەکان، هەرچەندە بنەما و توخمەکانی نەهێشتنی ئەقڵ و هۆش زیاتر بێت، ئەوا ئاسانتر ئەو خولک و جەماوەرە ئاراستە دەکرێن بۆ هێنانەدی ئامانجی حزبە سیاسیەکان. لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕەنگە تەنها یەک توخم هەبێت بۆ نەمانی ئەقڵ، بەڵام لە لای ئێمە هەموو بنەما و توخمەکان ئامادەگییان هەیە، ئێمەی موسڵمان(خیر امە اخرجت للناس) باوەڕمان بەو گووتەیە هەیە ومەرجەکانی لە ئێمەدا نییە، ئێمە کاری چاک ناکەین، تەنها یەک کۆمەڵە لە حەفتاو دووکۆمەڵەی ئیسلامی دەچێتە بەهەشت، کومەڵەکانی دیکە و گشت خەڵکی جیهان دەچنە دۆزەخ! ئێمە بەهۆی سامانەکەمانەوە بووینەتە ئامانج و تەها یەک سامانمان هەیە ئەویش نەوتە.

ئیسلامیەکان بەرەنگاری هزری نوێ دەبنەوە ودژایەتی کەلتوور ورۆشنبیری ڕۆژئاوا دەکەن، کەچی داخراوی فیکری ولاوازی رۆشنبیریان لە ئاست پێشکەوتنی سەردەمدا نییە.



**محەمەد سلێمان**

# ئەو دوو ژنەی لەهەمووان زیاتر هەڵەبجەیان بەجیهان ناساند



کەس نکوڵی ناکات لەوەی زۆر کەس کاری باشیان بۆ ناساندنی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە کردووە و شوێنی خۆشی گرتووە، جێی خۆیەتی هەمووانیان ناویان ڕێز بکرێت و ستایشی هەڵویست و کارەکانیان بکرێت ، من ئەوە بە کاری کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتی مۆنمێنتی هەڵەبجە و شارەوانی و قایمقامییەتی ئەو شارە ئازیزە دەزانم ، چونکە ئەوان نوێنەرایەتی شەرعی ئەو شارە دەزانم بە تایبەت کۆمەڵەی قوربانیان. هەرچەندە ئەوەی هەولێکی داوە لە کوردەکان هیچ پێویستی بەوە نییە ناویان بهێنرێت، چونکە ئەوە ئەرکە، پێویستە ئەو ئەرکەش نەچێتە بواری سیاسەتەوە و ببێتە بەشێک لە بازرگانی سیاسی زۆر ژن کاری باشیان کردووە بۆ ناساندنی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە سەرتاسەری جیهان ، لەوانەیە ژنی وا هەبێت رەنجی زۆرتر و کاری باشتریان کردبێت من نەیان ناسم، هەموو بوونە دایکێکی میهرەبان بۆ کوڕە تاقانەکەی عومەر خاوەر .

وەلێ لەم نێوەدا بە بڕوای من دوو ژن کارەکانیان لە هەمووان زیاتر جێگەی خۆیان گرت و بەریان بوو، ئەوانیش (گوڵاڵە سالح) لە ئیتالیا و هونەرمەند (دانیا عەلی)یە لە هۆڵەندا.

گوڵاڵە، ئەو ژنە کەرکووکیەی خوشکی شەهیدیکی قارەمان ، هەڵەبجەی کردووە بە ئەندامی شارەوانی ئاشتی جیهانی، هەوڵەکەی ئەو بەری گرت، هەڵەبجەی بردە ناو هەموو کوڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان ، هەموو ڕێگایەک بە هەنگاوێک دەست پێ دەکات ، ناساندنی هەڵەبجەش بە شارەوانیەکانی جیهان لە هەنگاوی یەکەمی ئەوەوە دەستی پێکرد، تکایە لە یادی مەکەن.

هونەرمەند (دانیا عەلی)ش ژنە زامدارەکەی هەڵەبجە لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانرات لەگەڵ هاوشارییەکەی (ڕێباز قادر) توانی ئێش و ئازارەکانی شارەکەی بگەیەنێتە گوێی هەموو جیهان ، کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو ، لە شەقام بە دەنگەکەی، لە هۆڵی دادگاش بە وتە و سۆز و ئازارەکەی.

بۆیە جێی خۆیەتی لە یادی بیست و دوو ساڵەی تاوانی هەڵەبجە ستایشی ئەم دوو دایکە بکرێت ، لە پاڵ هەزاران ژنی دی کە هەموو ١٦-٣ یێک لە ناساندنی ئەو تاوانە بیست و دوو ساڵە کۆڵیان نەدا .

**عەلی مەحموود محەمەد**